یەکێتی دوا هەوڵستی خۆی لەبارەی هەڵبژاردنەوە ڕاگەیاند

سەعدی ئەحمەد پیرە وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەبارەی بەشداریکردنی یەکێتی لەهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان ڕاگەیەنراوەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند:"یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پابەندە بە وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٠ ی ٦ ی ٢٠٢٤ وەکو لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێم بەیاری لەسەر دراوە".

دەقی ڕاگەیەنراوەکە:

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پابەندە بە وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٠ ی ٦ ی ٢٠٢٤ وەکو لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێم بەیاری لەسەر دراوە .

یەکەتی رای وایە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان باشترین ڕێگایە بە قووڵکردنەوەی زیاتری دیموکراسی و تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ناوخۆ و ناوچەکە بە گشتی .

چالاککردنەوەی پەرلەمان گرنگە بە ئەنجامدانی ئەرکە یاسایی و سەرکیەکانی و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە فرە ڕەهەندەکانی کەمەڵانی خەڵکی کوردستان

سەعدی ئەحمەد پیرە

وتەبێژی یەکەتیی نیشتمانیی کوردستان